لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ژیان و نامووسی قوربانی پارەکرد!!

(بەهزاد) کە تەلەفۆنەکەی بۆ هات، لە دڵی خۆیدا گوتی" خوا بە خێری بگێڕێ ئەو کابرایە واز لە من ناهێنێ، دیارە ئەجەلی یەکێکمان بەدەست ئەویترەوە هاتووە، تۆ بزانە تووشی چ بووینە، ئەوە چ بەڵایەکە" جارێك دووجار، هەر هەڵی نەگرت، کەچی لایەنەکەی دیکە بەردەوام تەلەفۆنەکەی لێدەدایەوە وبێ ئەوەی ماندوو یا بێ ئومێد و وەرس بێت، کەچی ئەوەی کە بەبیری نەدەهات ئەو دوارۆژە بوو کە دووچاری هات ئاخیرییەکەی (بەهزاد) تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و یەکسەر قسەی کرد و گوتی: ئەرێ (دژوار) بۆ واز ناهێنێ، چیترت دەوێ، بەس نییە ئەوەندەی وەرتگرتووە، لەوە زیاتر؟ (دژوار) بە وەڵام هات لێی و پێی گوت، خوێڕی ئەو پارەیەی داوام کردبوو دەیهێنی باشە، نایهێنێ وا دێمە سەرت، ئەوجا یا دەمکوژی یا دەتکوژم، تەلەفۆنەکەی داخستەوە، (بەهزاد) دوای داخستنەوەی تەلەفۆنەکەی لە خانووەکەی هاتە دەرەوە و پێنج سەد مەترێك دوور کەوتەوە و لە پشت ئەو گردۆڵکەیە خۆی شاردەوە کە دەکەوتە پشت باخچەکەیان، بەینێکی پێچوو، ئەوجا (دژوار) بەخۆ و بە ماتۆرسکلیکەی پەیدابوو، کلاشینکۆفەکەشی لە شانی کردبوو، زانی کە بەراستی بە نیەتی کوشتنی هاتووە، ماتۆڕەکەی لە دووری سەد مەترێك لە ماڵەکەیان راگرت و هاتە خوارەوە، کلاشنکۆفەکەی سوار کرد و ئامادەی کرد، (بەهزاد) کە بەم حاڵەی دیت زانی بە نیازی کوشتنی هاتووە، لە دوورەوە، دەنگی دا و هاواری لێکرد: (دژوار) لە کوێ هاتووی بگەڕێەوە ئەوێ، (دژوار) دەستدرێژییەکی دورودرێژی لێکرد، هەندێ جنێوی پیسی پێدا، چەندی (بەهزاد) بە قسە هەوڵی لەگەڵدا، گوێی لێنەگرت، نەگەڕایەوە دواوە،(بەهزاد) هەندێ تەقەی بە هەواداکرد، (دژوار)یش، بە تەقەی رووبەڕوو وەڵامی دایەوە و گوللەیەك بە سووکی وەبەرشانی (بەهزاد) کەوت، (بەهزاد) ترسی گەیشتێ و دڵەراوکێ سەرە مەرگی گرت و رەنگی زەرد هەڵگەڕا، (دژوار) بێ ترس و بێ منەتانە لێیدەهاتە پێش و تەقەشی لێدەکرد، یەك دوو کورتە دەستدرێژی تری تێگرت چی وای نەمابوو مێشکی (بەهزاد) بپرژێنێ، ئیتر ئەویش کەوتە نێوان بەرداشی دوو هەڵبژاردن



ئا: باوکی میدیا

یا دەبێ بکوژرێ، یا دەبێ بکوژێت، چاری نەما لە پەنایەك فرسەتی وەرگرت و دوو سێ گوللەی ئاراستەی سەر سینگی (دژوار) کردو هەر لەجێوە بەریدایەوە (دژوار) کەوتە سەر زەوی و کلاشنکۆفەکەشی لەدەست بەربۆوە، خوێن لە سینگی فیچقەی کرد، خولەکێك دوانی پێچوو، ئەوجا (بەهزاد) لێی نزیك بۆوە و چووە سەری و لە دیاری راوەستا. تەماشایەکی کرد و سەرێکی بۆ بادا، (دژوار) ڕەنگی مردووانی لێنیشتبوو، تاقەتی قسەکردن و جوڵەی نەمابوو، بە دەنگێکی لەرز و لاواز کە بە حاڵ دەبیسترا لە (بەهزاد) پێی ڕاگەیاند کە بیگەیەنێتە نەخۆشخانە و فریای بکەوێ، لە دەموچاویدا پەشیمانییەکی زۆر و پاڕانەوەیەکی زۆرتری تێدا بەدیدەکرا. (بەهزاد) دانەوییەوە و تەماشایەکی کرد و گوتی: دەك بە نەعلەت بی لەگەڵ شەیتانی، باشە، کابرا وەکی ماڵی من و خۆیشت کاول کرد، ئاخر چیت لە من دابوو، بەس نەبوو ئەو هەمموو پارەیەی لە هیچ و خۆڕایی پێمدابووی، چ داوێکی نەگریست بۆ دانابوومەوە، هەی پیسی نەگریس، چەندت لێپاڕامەوە بگەڕێیتەوە، وازت نەهێنا، خوا نەیکوشتم دەنا مسۆگەر دەتکوشتم، ئێستاش دەتەوێ بتبەمە نەخۆشخانە و بە فریات بکەوم، هەتا چاك ببیتەوە و ببیتە مۆتەکەی گیانم و بمکەیتە زەلیلی تەماح و چاوچنۆکی و شەڕ فرۆشییەکان و پیاوەتی پێفرۆشتنەکانت؟ بەخوا دەبێ هەر لێرە رووح بدەی و بمری و ئاواتە نەگریسەکانت ببەیە ژێر گڵ، ئەوجا هەستا رۆیشت و چووە ماڵەکەی و سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، ڕێك بەرەو بنکەی پۆلیس.

**سەرەتای کێشەکە لەچییەوە پەیدابوو**

(بەهزاد) ئۆتۆمبیلەکەی لە پێش بنکەی پۆلیس ڕاگرت و ڕاستەوخۆ چووە ژووری ئەفسەری بنکە و ورد و درشتی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە تەرخان کرد تاوەکو لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە بکات، ئەفسەری لێکۆڵینەوە چووە شوێنی ڕووداو، دیتی کابرا بەکوژراوی لەو ناوە کەوتووە و یەك دوو گوللەی بە لەشی کەوتووە و هەندێ قەوانە فیشەکیش لەدەوروبەریەتی. هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکەی کرد و تەرمەکەشیان هەڵگرت و ناردیانە نەخۆشخانە. ئەوجا (بەهزاد)یان بە کەلەپچەکراوی هێنایەوە بنکەی پۆلیس و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵی، ئەفسەری لێکۆڵینەوە پاش ئەوەی چەندین پرسیاری لێکرد، ئەوجا داوای لێکرد بە دووردرێژی هۆی ڕووداوەکە و ئەنجامدانی تاوانەکە باس بکات، ئەویش بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی کێشەکە کرد و گوتی: من بۆخۆم بەکاروباری بازرگانییەوە خەریکم،(دژوار) هەر ئەوەندە دەمناسێ کە دەزانێ بازرگانم، یەك دوو جار لەناو بازاڕی جوملەفرۆشان ڕێکەوتی کردووم، تەلەفۆنیشی هەر ئاوا پەیداکردووم، کە وەدەست خستنی زەحمەت نییە و زۆربەی بازرگان و جوملە فرۆشەکان تەلەفۆنی یەکتر دەزانن و بڵاویشی دەکەنەوە، ئەوەش لەبەر سروشتی ئیشەکەمانە. نیوەڕۆیەك زەنگێکم بۆ هات کە ژمارەیەکم نەدەناسی، وەڵامم نەدایەوە، دووبارە تەلەفۆنی کردەوە، نە جارێك و نە دوان، بەراستی بێزار بووم، وەنەبێ تەلەفۆنەکەشم داخەم، لە بێزاریان هەڵمگرت، گوێم لە دەنگی ئافرەتێك بوو، هەندێ قسەی کرد، بەڵام گوتم من ناتناسم و نازانم کێی. تەلەفۆنەکەم داخستەوە، چەند جارێکی تریش کردیەوە، ئەمجارە تەلەفۆنەکەم کوژاندەوە و لە کۆڵ خۆم کردەوە، دوو ڕۆژان تەلەفۆنم بە کوژاوەیی هێشتەوە، بە ژمارەیەکی تر کارەکانم مەیسەر دەکرد، دوای دوو ڕۆژەکە، ژمارەکەم کردەوە، پاش کردنەوەی ژمارەکەم، بە هەفتەیەك دووبارە تەلەفۆنی کردەوە. هەڵمگرت و دوای ئەوەی کە زانیم هەمان ئافرەتە، پێمگوت: چیت لەمن دەوێ، دەتناسم دەمناسی..؟ ئەویش گوتی: من دەتناسم و تۆم دیوە، دڵم تۆی گرتووە، حەز دەکەم پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبێ، ئەگەر پێشت خۆشە دەتوانی لە کاتی گونجاودا کە خۆم پێت دەڵێم بێیتە ماڵمان. ئەو قسانەی کاری تێکردم و وردە وردە وەکو دەڵێن (کەوی) کردم و دواجار ڕازی بووم بچمە ماڵیان، ئەوە بوو ڕۆژێك ژوانی بۆ دانام کە گوایە کەسیان لەماڵ نییە و پیاوەکەی سەفەری کردووە و هەتا دوو سێ ڕۆژان ناگەڕێتەوە، منیش ملم لێنا و جلەوم بۆ غەریزەکەم شل کرد و چووم، کە لە دەرگام دا ژنەکە دەرگاکەی بۆ کردمەوە و داوای لێکردم بچمە ژوورەوە. بردمییە ژوورێك و دایینیشاندم، ئەو چووە ژوورێکی تر و دەمێکی پێچوو، کەهاتەوە گوتی: جلوبەرگت داکەنە و مەترسە کەس لێرە نییە، منیش بە قسەم کرد و تەنیا جلی ژێرەوەم لەبەرما، ژنەکە لێم نزیك بۆوە و دەستی گرتم و دەمی خستە سەردەمم. هەر هێندەم زانی لەچاو تروکانێکدا، کابرایەك بەخۆ و بە تفەنگەکەی لێمان بە ژوورکەوت، ژنەکە زیراندی و گوتی: ئەیەڕۆ پیاوەکەمە: کابرا مێردی بوو، دوو سێ شەقەزللە لە ژنەکەی هەڵداو فڕێیدایە ئەولا، تفەنگەکەشی سوار کرد و خستیە سەرسەرم و بە پێلەقە کەوتە گیانم. منیش لە تاوی گیانی خۆم دەستم بە پاڕانەوە و نووزانەوە کرد و داوام لێکرد کە سوڵح بکەین و چی بوێ دەیدەمێ، تەنیا نەمکوژێت، ئەوەبوو ڕازی بوو، کە بەپارە لێمخۆش بێت و نەمکوژێت، لەگەڵ خۆم بردمەوە ماڵ پێنج هەزار دۆلارم دا پێی و ئەویش دەستی لێهەڵگرتم. بەمجۆرە گیانم ڕزگار بوو، من وامزانی ئیتر تەواو بوو کێشەکەم لەکۆڵ بۆوە، کەچی نەمزانی وەکو قیر پێمەوە دەنووسێت و وازم لێناهێنێت. دوای دوو سێ هەفتە دووبارە یەخەگیرم بۆوە و دیسان داوای پارەی لێکردمەوە، ئەوجارەش بڕە پارەیەکم دایە. جارێك دوو جاری تر، ڕۆژێك لەگەڵ ژنەکەی دەبێتە شەڕیان و زۆری لێدەدات، نازانم لەسەر چی بووە، بەڵام ئەوەندە دەزانم ڕۆژێك ژنەکەی بە ژمارەیەك تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی گوتم: گوێ بگرە بزانە چیت پێدەڵێم، من فلانەکەسم، دەمەوێ چیتر پارە نەدەیە (دژوار)ی مێردم، ئیتر تەواو، ویژدانم قبوڵ ناکات، لە وەزم نەما بەرگەی هەموو ڕۆژ لێدانی ئەو مێردە دەبەنگەم بگرم و ئەو تاوانەی کردیشم لەناخی خۆم هەڵیبگرم، بزانە با راستییەکەت پێ بڵێم، ئەو قسەکردن و ژوان دانان و هاتنە ماڵ و شەڕەکە و هەرچی ڕوویدا، هەمووی تەمسیل بوو، هەمووی درۆ بوو، هیچی ڕاست نەبوو، ئەوە هەموو مێردەکەم پێی کردم، هەر بۆ ئەوەی پارەت لێوەربگرێت، ئەو زۆری لێکردم کەوابکەم، چارەم نەبوو، لێیدەدام. بۆیە چیدیکە پارەی مەدەیە، ئەوجا تەلەفۆنەکەی داخستەوە. بەبینێك تاسام و داڵغە بردمییەوە، ئاخیر سەیرە، کابرا تۆ هێندە خوێڕی بی، شتی وا بەژنت و بە خەڵکیش بکەی!؟ بۆیە کە (دژوار) تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: یان پارەم بۆ دێنی یان من تۆ دەکوژم یان تۆ من دەکوژی، گوتم چاوت بە دینارێکی تر ناکەوێت و ئەوەی وەریشت گرتووە، لێت وەردەگرمەوە، ئەوەبوو، کە هات زۆرم ئاگادارم کردەوە، بەڵام ئەو لە جیاتی ئەوەی بڕوات و بگەڕێتەوە و واز لە مەسەلەکە بێنێ، تەقەی پێوەنام، ئیتر دەبوایە یان ڕێگەی بدەم بمکوژێت یان بیکوژم، ئەوە گوفتار و یەکەم و دوا قسەی منە.

**دادگایی کردن**

کە لێکۆڵینەوە تەواو بوو، پاش ئەوەی دوو سێ مانگان (بەهزاد) ژیانی لەناو بەندیخانە بەسەر برد، دادگا پاش وردبوونەوە لە کێشەکەی و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان بە دوو ساڵان زیندانی حوکمی دا، بەمجۆرە کێشەکە بڕایەوە.

ئەوەبوو ڕازی بوو، کە بەپارە لێمخۆش بێت و نەمکوژێت، لەگەڵ خۆم بردمەوە ماڵ، پێنج هەزار دۆلارم دا پێی و ئەویش دەستی لێهەڵگرتم. بەمجۆرە گیانم ڕزگار بوو

ئیتر ئەویش کەوتە نێوان بەرداشی دوو هەڵبژاردن یا دەبێ بکوژرێ، یا دەبێ بکوژێت، چاری نەما لە پەنایەک فرسەتی وەرگرت و دوو سێ گوللەی ئاراستەی سەر سینگی (دژوار) کردو هەر لەجێوە بەریدایەوە

# چۆن سەری خۆی



(شەماڵ)، كە پێی نابووە (٢٤) ساڵی تەمەنی، لەسەر كورسییەك لەیەكێ لە قاوەخانەكانی شارێكی وڵاتی (سوید) دانیشتبوو، لەگەڵ مژی دووكەڵی جگەرەكەی و فڕكردنی قاوەكەی بەردەمی، سەربوردەی عەشقی خۆی بۆ (دلاوەر)ی هاوڕێی دەگێڕایەوە. (شەماڵ) لەسەرێكەوە لە ژێر فشاری هەڕەشەی كوشتنەوە، دوچاری دەردی غەریبی و دووره وڵاتی و دووره كەس و كاری ببوو، لەسەرێكی تریشەوە، ناچار كرابوو دەست لە خۆشەویستەكەی هەڵبگرێ، كە چوار ساڵان بە هەموو ژان و ژوورەكانییەوە خۆشی ویست.

(شەماڵ) كەتازە لە وڵاتی (سوید) وەرگیرابوو، خەریكبوو سەقامگیر دەبوو، لە وەڵامی پرسیاری (دلاوەر)ی هاوڕێی كە چۆن بووە كەوتۆتە داوی خۆشەویستی و پاشان زۆری لێكراوە كە وازی لێبێنێ و سەرهەڵگرێ، گوتی: هەتا تەمەنی بیست ساڵیش نەمدەزانی خۆشەویستی چییە و چۆنە، چونكە نەكەوتبوومە داوی خۆشەویستی و نەمتوانیبوو هیچ پەیوەندییەكی خۆشەویستی ببەستم، هۆیەكەشی ئەوەبوو كە سەرقاڵی كاركردن بووم، كارەكەم ئەوەبوو لەگەڵ براكانم بەتایبەتی (جەلال)ی براگەورەم بەشێوەی بەڵێندەرایەتی خانوومان دروست دەكرد، دەرفەتی ئەوەم نەبوو بیرژێمە سەرخۆم و تۆزێك گەنجایەتی بكەم.

ڕۆژێك برا گەورەكەم پێی گوتم: (شەماڵ) خانوویەكی تازەم گرتوە، یەك نهۆمییە و زەوییەكی بەتاڵی لە پشتە، خاوەنەكەی دەیەوێ زەوییەكەی تریشی بكاتە خانوویەكی یەك نهۆمی و لەگەڵ خانوەكەی تر لێكدی بدات، كارەكەی داوەتە من، دەمەوێ تۆ سەرپەرشتی بكەی، پاش ئەوەی نەخشە و شتەكانی تەواو دەكەین و كە دەستمان پێكرد، شتە سەرەكییەكانت پێدەڵێم، ئەویدیكە بۆخۆت بەجێدێڵم، منیش پێم گوت باشە لاریم نییە، ئەوەبوو یەك دووجار چووینە ماڵی خاوەن خانووەكە، چاوم بە كچێكیان كەوت و دواتر زانیم ناوی (نیان)ە و كچە گەورەی خاوەن خانووەكە بوو، پاش ئەوەی كارەكانمان وەرگرت و دەستمان بەجێبەجێكردنی كرد، (نیان) جارجارە بەخۆی یان بە منداڵێك ئاوی سارد یان چایەی بۆ دێنایین، چەند جارێك وا ڕێكەوت بەخۆم ئاوەكە یان چایەكەم لێوەردەگرت، بەراستی بێ ئەوەی بەخۆشم بزانم كە (نیان) دەهات هەستم بە گوڕوتینێكی سۆزداری لە ڕادەبەدەر دەكرد، بێئەوەی هیچ شتێك لە نێوانماندا هەبووبێ وام هەست دەكرد دەمێ ساڵە دەیناسم، من لەخۆشی دیتنی ئەو هەموو ڕۆژێك دەچوومە سەر ئیش. باوكی (نیان) كەدەیدیت وا هێندە بە پەرۆش و دڵسۆزییەوە كار دەكەم و ئیشەكەی زۆر بە جوانی و ڕێكوپێكی بۆ ڕادەپەڕێنم، زۆری خۆش ویستم، بە ماڵەوەیانی گوتبوو، هەموو نیوەڕۆیەك بچمەوە یان نەچمەوە دەبێ ژەمە خواردنێكم بۆ دابنێن، منیش ئەو ڕۆژانەی كە دەمامەوە، كرێكارەكانم ئیزن دەدا و بەتەنیا بۆخۆم دەمامەوە، چونكە دەمزانی (نیان) بەخۆی سینیە خواردنەكەم بۆ دێنێت، چەند جارێك من و (نیان) بەیەكەوە بۆ ماوەی چەند خولەكێك دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەكرد و پرسیارمان لە یەك دەكرد، بەرە بەرە

**ماوەیەک هەواڵیم لێپچڕابوو، تا ڕۆژێک لە ڕێگەی خزمێکیانەوە زانیم لە ئامۆزاکەی مارە کراوە**

# هەڵگرت؟



مەیل و هۆگریمان بۆ یەکتر زیاتر بوو، تا ڕۆژێك هەردووکمان دوو بەدوو دانیشتین و ڕازی دڵی خۆمان بۆ یەکتر ئاشکرا کرد و بە تەواوەتی بووینە خۆشەویستی یەکتر. ئەو خۆشەویستییە نزیکەی ساڵێك و هەندێکی خایاند بەڵام بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ، من مەسەلەکەم بۆ براگەورەکەم باس کرد و ئەویش گوتی: با جارێ ئەو باسە بمێنێتەوە و بە نهێنی بیپارێزە تا کارەکانمان تەواو دەکەین، ئەوسا بە ئاشکرا دەچین داوای دەستی کچە دەکەین، با ئێستا بە جۆرێکی خراپ لێکی نەدەنەوە و نەڵێن تەماشا کەن نانیان خواردین و چاوی تەماحیشیان تێبڕین، من بیرۆکەی برا گەورەکەم زۆر پێ باش و مەعقول بوو،

من و (نیان) یش باسەکەمان لەگەڵ کردەوە و ئێمەش ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندییەکەمان هەروا بە نهێنی بمێنێتەو نەبادا دواتر دوچاری کێشە و ئاڵۆزی بین، بەڵام پەیمانمان بەیەکدا کە لە هەموو حاڵەتێکدا هەر دەبێ بۆ یەك بین.

**ئاشکرابوونی پەیوەندییە خۆشکەویستییەکە**

(شەماڵ) بەینێك بێ دەنگ بوو، جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و دوو سێ مژی قوڵی لێداو فڕێکی لە قاوە ساردبووەکەی بەردەمی دا و دەستی بە گێڕانەوەی باسەکەی کرد و گوتی: خانووەکەمان تەواو کرد و حساب و کتابمان لەگەڵ یەك کرد و خواحافیزیمان لێك کرد، بەینێکی پێچوو، نزیکەی هەفتەیەك دەبوو، بەهەنجەتێك خۆم گەیاندەوە ماڵی (نیان) و دەرفەتمان وەرگرت و بەیەکەوە قسەمان کرد، چەند جارێکی تریش هاتووچۆم کردنەوە، ئەوە قسەکردن بە مۆبایلیش هەر هیچ، هەموو ڕۆژێك، کەم تا زۆر بەیەکەوە قسەمان دەکرد، لەو هاتوچۆیانەمدا، باوکی هەستی بەشتێك کرد، ڕۆژانی تر، بەهەر هۆیەك ئەگەر لەگەڵ باوکی چاومان بەیەکتر بکەوتبایە، بە مۆن و گرژییەکی ئاشکراوە، بە ڕەقی و بێ موجامەلە قسەی لەگەڵ دەکردم، کەچی پێشتر زۆری خۆشدەویستم، بۆیە دووبارە مەسەلەی خوازبێنییەکەم لەگەڵ براگەورەکەم و ماڵەوەمان باس کردەوە، ئەوە بوو ڕێکەوتین و چووینە خوازبێنی و داوای کچەمان کرد. کەچی باوکی کچە بە هەڵچوونێکی زۆر و ڕەتکردنەوەیەکی ئاشکراوە وەڵامی داینەوە و داوای لێکردین کە جارێکی تر ئەو باسە نەکەینەوە، دەتوانم بڵێم هەر دەریکردین، بەم وەڵام و هەڵوێستەی باوکی تووشی پەشۆکان و شکستێکی گەورە هاتم، بڕوام نەدەکرد ئەوە هەڵوێستی بێت، پاش ئەو هەڵوێستەی باوکی گڕوتینمان بۆ یەکتر زیاتر و زیاتر بوو، شەوانە تا درەنگانی شەو خەریکی قسەکردن بووین لەگەڵ یەك. لەسەر تەلەفۆنیش چەند جارێك باوکی لێیدا و دووچاری فشاری زۆر هات، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان کراو نەبوو، بڕیاری باوکی بوو لەسەر بە شوودانی بە ئامۆزایەکی خۆی، جا لەبەر ئەوەی مۆبایلەکەی لێوەرگرتبۆوە، پەیوەندیمان پچڕابوو، ماوەیەك هەواڵیم لێپچڕابوو، تا ڕۆژێك لە ڕێگەی خزمێکیانەوە زانیم کەوا لەو ئامۆزایەی مارە کراوە، (نیان)یش گوتبووی مارەشم بکەن و بشمگوازنەوە بە مردن و ژیان ئەمن هەر هی (شەماڵ)م.

بەهەر حاڵ بەخۆشی بێ یا ترشی (نیان) گوازرایەوە، نە من دەمتوانی دەستبەرداری بم نە ئەویش، بەڵام ئاخیرییەکەی برا گەورەکەم گوتی وازی لێبێنە با تووشی کێشەیەك نەبین، تازە ئەو مێردی کردوە و خاوەن ماڵ و مێردی خۆیەتی، منیش لەسەر قسەی ئەو ماوەیەك وازم لێهێنا، بەڵام (نیان) لەسەر هەوڵی خۆی کە پەیوەندی لەگەڵم نەپچڕێ هەر بەردەوام بوو، ئیتر سەرکێشی گەورەمان دەکرد، ژوانمان دادەنا و کە دەچووە بازاڕ ئاگاداری دەکردمەوە و منیش دەچووم و یەکتریمان دەبینی، تا ڕۆژێك مێردەکەی زانی، کارەکە گەورە بوو، ماڵی خەزوور و باوکی (نیان) کۆبوونەوە و بڕیاراندا کە هەردووکمان بکوژرێین، ئەوان کچی خۆیان و برا گەورەکەی منیش، من بکوژێت. برا گەورەکەشم زۆر لەمن توڕە و پەست ببوو، دەیگوت: پێتم گوت وازی لێبێنە، تازە مێردی کردووە و پیاوێکی دیکە لە ژیانیەتی، دەتەوێ هەمووومان بە قوربانی هەواوهەوەسی خۆت بکەی و گوێ بەکەس نادەی. ئەوان دەیانگوت ئێمە کچی خۆمان دێنینە ئاقار و ئێوەش کوڕی خۆتان بێنن، هەردوولا هەر کەسە و هی خۆی دەکوژێت، براگەورەکەم منی برد و ئەوانیش کچی خۆیان هێنا، ئەوان دەیانگوت یەکەمجار ئێوە کوڕی خۆتان بکوژن، ئینجا ئێمە کچی خۆمان دەکوژین، لەو قسانەدابووین، بەڵام دواتر باوکی کچە گوتی من کچی خۆم ناکوژم کوڕی ئێوەیە وازی لێنەهێنا، تەنیا دەبێ (شەماڵ) بکوژرێت، بووە مشتومڕیان، برا گەورەکەم منی سواری ئۆتۆمبیل کرد و هێنامییەوە ماڵەوە، تەلەفۆنی بۆ وان کرد و گوتی: نە ئێوە کچی خۆتان بکوژن، نە ئێمەش کوڕی خۆمان دەکوژین، من (شەماڵ)دەنێرمە ئەورووپا و ناهێڵم جارێکی دیکە چارەی ببینینەوە و ئێوەش بەردێك لەسەر مەسەلەکە دابنێن و کۆتایی پێدێنین، ئەوانیش بە مەرازی بوون و دوای مانگێك بە قاچاغ گەیشتمە (سوید) و وا لێرە ژیان بەسەر دەبەم.

**(نیان) جارجارە بەخۆی یان بە منداڵێک ئاوی سارد یان چایەی بۆ دێنان. چەند جارێک وا ڕێکەوت بەخۆم ئاوەکە یان چایەکەم لێوەردەگرت، بەڕاستی بێ ئەوەی بەخۆشم بزانم کە (نیان) دەهات هەستم بە گوڕوتینێکی سۆزداری لە ڕادەبەدەر دەکرد**

# تەنیا بۆیەک ش

(فەریق) باوکی (هەڵاڵە) بوو، لەگەڵ کچەکەی لە پێش دادوەری لێکۆڵینەوە ڕاوەستابوون و گوفتاریان دەدا، دادوەر بە (فەریق)ی گوت: ئەوە کچتە؟ گوتی: بەڵێ. ئەدی ڕاستە (سەربەست)ت بە کوشتن ترساندووە؟ گوتی: نەوەڵڵا گەورەم نەمترساندووە، بەڕاستیم نەبووە، بۆچی؟ گوتی: چونکە ئەوە دەمڕووتە هەرزەکارە گاڵتەی پێکردم. ڕەجاو تکای دنیایەی لێکردم، پیاوماقوڵ و ریش سپی نەما نەنێرێتە ڕەجایێ، هەتا کچی خۆمی پێبدەم، وەکی ڕازیش بووم، ئەوجا لە جیاتی چاکەدانەوە ئەتکی کردین. بڵێ کوڕم ئاخر مادام پیاونیت ژنت بۆ چییە ها؟ دادوەر گوتی: مەچووە ناو باسی دیکە، حەکایەتیشم بۆ مەگێڕەوە، دەمەوێ بزانم کە هەڕەشەی کوشتنت بەزاردا هاتۆتە خوار یان نە؟ گوتی: بەڵێ. باشە بۆچی؟ گوتی: چونکە ئابڕووی بردوومە. بەهەر حاڵ ئابڕوو بردنەکە و هۆی ئابڕووبردنیشی باس نەکرد، دادوەر بڕیاریدا بەندی بکات و ڕەوانەی بەندیخانەی بکات. دوو سێ ڕۆژان لە بەندیخانە مایەوە، کەسوکار و خزم و ناسیاو (سەربەست)یان ناچار کرد کە بچێ واز لە کێشەکە بێنێ و دەستی لێهەڵگرێ تا (فەریق)ی خەزووری لە بەندیخانە بێتە دەرەوە. بە گیرانی (فەریق) تۆزێك هەڕوگیڤی کەمبۆوە و جۆرە تەمبێ بوونێك تەمبێ بوو کە تێگەیشت تەنانەت ناتوانێ بەدڵی خۆشی ڕقی لە (سەربەست) دەربکات، کە پەراوەکەشی دوای دوو سێ چوار هەفتە گەشتە دادگای تایبەتمەند، دادوەر هۆی هەڕەشەکردنەکەی پرسی، (فەریق)یش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و گوتی: جەنابی دادوەر ڕاستە هەڕەشەم لێکردبوو، بەڵام لە حەژمەتی ساختە و تەڵەکەبازییەکەی، ناوەڵڵا بڵێ لە حەژمەتی ناپیاوەتییەکەی هەڕەشەم لێکرد، ئەوە کە هاتە خوازبێنی کچەکەم، بەتەمای ئەوە نەبووم کچی خۆمی بدەمێ، چونکە ڕام لە قسەکردن و ڕەفتار و چڕوچاو و فەساڵی نەبوو، نازانم چۆن بوو وەکو بنێشت پێموەنووسا و خەڵکێکی زۆری هێنایە تکا و ڕجام، منیش بەناچاری ڕازی بووم، بەڵام قەد چاوەڕێی ئەو هەڵوێستەیم لێنەدەکرد، بەتایبەتی دوای تەنیا مانگێك کچەکەمی ناردەوە ماڵێ، باشە بابە کچم چی کردووە، بۆ دەینێرییەوە، چ ناڕێکییەکی کردووە، دەیگوت لەبەردەمم ڕاست بۆتەوە و ملکەچ و گوێ ڕایەڵم نییە. سەرەڕای ئەو بوختان و درۆیانەش، هێشتا کچەکەی من شەرمی دەکرد ڕاستییەکەی بڵێ. دەمگوت کچم ئەوە مێردتە، هەقە گوێ ڕایەڵی بی، بۆچی ملت لەبەر ملی ناوە، مادام پێی ناڕازی، بۆچی مێردت پێ کرد، خۆ من بە زۆری بە مێردم نەدەدای، کچەکەم سەری لەبەر خۆی دەنا و دەگریا، هیچی نەدەگوت، دەیگوت بە خودا هەرچی دەڵێ من ڕازیمە و بۆی جێبەجێ دەکەم، هەتا ئێستا بێ فرمانییەکی ئەوم نەکردووە، بەڵام خودا دەزانێ ئەوەی دەیڵێ ڕاست نییە و من وەها نیمە وەك ئەو دەڵێ، منیش دەمگوت تازە بووکە با ماڵی لێتێکنەچێت، خۆم بردمەوە. دیاربوو تەنیا دوو ڕۆژی لەلامابۆوە، دووبارە دەری کردەوە. کە کچەکەم بە گریان هاتەوە، گوتم: چییە کچەم بۆ دەگری و بۆچی هاتووتییەوە خۆ دیسان دەرینەکردووی؟ گوتی (با) دیسان دەریکردمەوە، ئێوارە چوومە لای مێردەکەی تێروپڕم لێدا، گوتم: تۆش ئەگەر پیاوی داوای کچی من دەکەیەوە. گوتی: وەڵڵا لە خواشم دەوێت نەیهێنیەوە، تازە هەرە نامەوێت..

### ئاشکرابوونی هۆی دەرکردنی کچەکە

(فەریق) بەینێك ڕاوەستا و پشوویەکی دا، دیقەتیشی دەدایە دادوەری لێکۆڵینەوە بزانێ ڕەنگ و ڕووی بە قسەکانی دەگۆڕێ یان نە، ئەگەر دەگۆڕێ بە چ وشەیەك و لە کوێ؟ چەند دەگۆڕێ؟ کە پشوویدا بیری خۆی کۆکردەوە و ویستی بە دەنگێکی سۆزدارانەتر قسەکانی بکات. دادوەر لە هێکڕا لێی پرسی: هۆی دەرکردنی کچەکەت چی بوو: چی والێکردی وەها ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی؟

(فەریق) بە پرسیارەکە شڵەژا، بەخۆی دابینابوو بەهەموو جۆرێك هۆیەك بکاتە کڕۆکی بابەتەکە و بەرگری لە خۆکردنی. کەچی بەو پرسیارە ناکاوەی دادوەر سەرودڵی شێوا، لەناخەوە حەزی نەدەکرد ناچاری دادگا بێت، ئەو هۆیە ڕوونبکاتەوە، بەڵکو دەیویست بەبێ پرسیارکردن بەخۆی قسە بکات، هەرچۆنێك بێت تۆزێك بیری پەرشوبڵاوبوون، بەڵام هەر زوو بەسەرەخۆیدا زاڵبوو، خۆی کۆکردەوە و دووبارە زەینی دایەوە کێشە سەرەکییەکەی خۆی، (فەریق) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بەینێك ڕاوەستا و تەماشایەکی دادوەر و دەستە و دایەرەی دادگای کرد کەوا لەبەردەمیان ڕاوەستاوە، ئەوجا وەڵامی پرسیاری دادگای دایەوە و گوتی: دادپەروەری وا دەخوازێ ئەو پرسیارەتان لەوی کردبایە نەك لە من بەردەوام بو گوتی. کە کچەکەم دەگوازێتەوە، تۆمەز کاکم دوو ڕۆژ پێشتر چۆتە لای پزیشك و داودەرمانی وەرگرتووە، بە زەبری داودەرمانی شەوی یەکەمی بەزاوابووە، پاشان ئیدی پیاوەتییەکەی نەماوە. چەندی پزیشك و دکتۆرانی کردووە و داودەرمانی بەکارهێناوە، هیچی نەماوە. لە حەژمەتی ئەو وەزعەی



> **لە حەژمەتی ئەو وەزعەی، بەربۆتە کچەکەی من و لێیداوە، پاشان لە شەرمان بەرگەی نەگرتووە و چاوی لەبەر ژنەکەی هەڵنەهاتووە، کردوویەتییە شەڕ لە گەڵیدا و دەریکردووە**

> **جەنابی دادوەر ڕاستە هەڕەشەم لێکردبوو، بەڵام لە حەژمەتی ساختە و تەڵەکەبازییەکەی، ناوەڵڵا بڵێ لە حەژمەتی ناپیاوەتییەکەی هەڕەشەم لێکرد**

# ...ەو ژنی هێنا

بەربۆتە کچەکەی من و لێیداوە، پاشان لە شەرمان بەرگەی نەگرتووە و چاوی لەبەر ژنەکەی هەڵنەهاتووە، کردوویەتییە شەڕ لە گەڵیدا و دەریکردووە، لێمان دەپرسی بۆ دەرتکردووە و بۆچی لێتداوە، دەیگوت گوێڕایەڵم نییە و بە قسەم ناکات، دەمگوتە کچەکەم: کچم ئەوە مێردی خۆتە ئەگەر گوێڕایەڵی ئەو نەبی ئەدی گوێڕایەڵی کێ دەبیێ؟ دەیگوت: بابە وەڵڵا وەکو کۆیلەم، چی بڵێ ناڵێم نا، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە، شتێکی ترە. ئەوجا پاشان زانیمان ئەو هۆیەیە، منیش گوتم باشە ژنەکە بەهەموو وەزعێك بەتۆ رازییە، وەزعی خۆت ئەوهایە، لە جیاتی ئەوەی مەمنونی بیت کە لات دادەنیشێ، هێشتا تۆ دەریدەکەی و غەدری لێدەکەی؟ ئاخر لەچی تۆ شەرمەزارە؟. جەنابی دادوەر ئەو کابرایە گاڵتەی پێکردین، ریسوای کردین، بۆیە منیش لە تاوان هەڕەشەی کوشتنم لێکرد، بەڵام ئێستاکە پەشیمانم و هەڵم کرد. کە گوفتارەکانی (فەریق) تەواو بوو، بانگی کچەکەیان کرد و ئەویش قسەکانی باوکی پشت راست کردەوە، ئەوجا بانگی (سەربەست) یان کرد و ئەویش بەهەمان شێوە قسەکانی پشت راستکردنەوە و بەهەڵەی خۆی دانان و هەڵوێستی خۆی نیشانی دادگای دا کە هیچ سکاڵایەکی لەدژی نییە، ئەوجا دادگا هەمووانی کردە دەرەوە و بۆ تاوتوێ کردنی بڕیارەکە و پاش نیو کاتژمێر گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە ئازادی بکەن، بەمجۆرە کۆتایی بە کێشەکە هات و هەردوولاش بە سولحێکی عەشایەری رێککەوتن و پاشان لە دادگاشدا کۆتاییان بە کێشەکەیان هێنا.



## نووسەر و رۆژنامەنووسی عێراقی (بەیدا کەریم) بۆ گوڵان:

# دیموکراسی بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکی ناکامڵە

**نووسەر و رۆژنامەنووس(بەیدا کەریم ئەلخەزعەلی) لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە خەریکی کاری میدیاییە،(بەیدا) سەرەتا وەك دیزاینەر و دواتر پەیامنێر لە چەند گۆڤار و رۆژنامەیەك کاری کردووە، هەروەها لە چەند رۆژنامەیەکی رۆژانەش ، بەرپرسیارییەتی لاپەڕەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە ئەستۆ گرتووە دیارترییان رۆژنامەی (الصباح)ە. خانمی (بەیدا) پشکدارییەکی چالاکی لە رێکخراو و سەنتەرە داکۆکیکارەکان لە پرس ژنان هەیە، وەك ئافرەتێك بەشداری لە چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی عێراق لە بارەی یەکسانی ژێندەری و پرسی بەشداریکردنی ژنان لە کاری سیاسی و پەرلەمانی کردووە، لەم رووەوە نووسین و راپۆرتی میدیایی بۆ زۆرێك لە میدیا لۆکاڵ و عەرەبییەکان ئامادەکردووە، لە بواری دیزاینی رۆژنامەوانیش خاوەن سەلیقەیەکی جوانە، ئێستا بەرپرسی لاپەڕەی بەدواداچوونە لە رۆژنامەی(الصباح) ی عێراقی، (گوڵان) لە دەرفەتێکدا ئەم گفتوگۆیەی دەربارەی بارو زرووفی هەنووکەی ژنانی عێراق و کوردستان لەگەڵ سازدا.**



**• ئاریشه و مژارەکانی ئافرەتانی رۆژهەڵات زۆرزەمەندن، لەوانەیە گرفتی هەرەسەرەکی خۆی لە نەبوونی ئازادیدا بەرجەستە بکات، بەڕای ئێوە نزیکی ژنان لە سەنتەری بڕیارداندا تا چەند خزمەتی پرسی ئازادبوونی ئەوان دەکات؟**

- سستەمی سیاسی و ئیداری رۆژهەڵات بە ئایدیا و هزری پیاوان بونیاد نراوە، پیاوان وەك تاك یان لەسەر ئاستی کەسایەتیدا خودان هزر و بیرکردنەوەی سەربەخۆ نین، پیاوان لە بورجە عاجیەکانەوە تەماشای ژنان دەکەن و وەك مەخلوقێکی نزم و بچووکتر لە خۆیان لێیان دەڕوانن، مەبەستمە بڵێم پیاوانیش سەربەخۆ نین ئەوان مەحکوم و گرێدراوی کۆمەڵێك پاشخان و کۆت و عاداتی کۆنینەی بەسەرچوون کە رۆئیا و بیرکردنەوەیانی تاریك کردووە هەر ئەمەشە وایکردووە، باوەڕیان بە توانا و کارامەیی ژنان نەبێ و بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ ژنان ببنە رابەر و سەرکردە، یان خودان بڕیاری خۆیان بن، بەڵام وەنەبێ ئەو شێوە مامەڵە و بیرکردنەوەی پیاوان وایکردبێ ژنان دەستەوەستان دانیشن و خۆیان تەسلیمی واقیعە تاڵەکە بکەن، بەڵگە ژنان سەرباری هەموو نەهامەتییەکان بەردەوام بوون لە خەبات و گیان فیدایی لە پێناو سڕینەوەی جیاکاری و دوورانی هزری کۆنینە و تەقالیدی بەسەرچوو، ئەوەبوو بەرهەمی ئەو بەرخودانە لەدایکبوونی ئافرەتە، رابەرەکانی هیندوپاکستانی لێکەوتەوە، لەدایکبوونی ئەو ملیۆنەها ژنە ئەندازیار و مامۆستا و دکتۆر و پارێزەر و ..تاد لێکەوتەوە کە ئەمڕۆ شان بەشانی پیاوان بەشداری لە پێشەوەبردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەکەن.

*** بەداخەوە تا ئێمڕۆ سەرباری ئەو هەموو هەوڵانەی لە پێناو چالاککردنی رۆڵی ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کراوە، کەچی دەبینین کە کار دەگاتە سەر بڕیارە چارەنووسسازەکان ژنان هێز و قودرەتی بڕیاردانیان نییە، دووبارە دەبنەوە پاشکۆی پیاوان، ئێوە چۆن لەو واقیعە دەڕوانن؟ پێویستە چی بکرێ؟**

- دەکرێ ئەو پرسە وەك دیاردەیەك ناو ببەین، بەڵێ هەر تەنیا لە بڕیاری سیاسی و چارەنووسسازدا بێ قودرەت نین بەڵکو بەشێکی زۆریان لە هەندێ بڕیاری سادەی رۆژانەشدا جورئەت بەخۆیان نادەن، لەماڵەوە گەر شتێك پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆشیان هەبێ، ئەوا دەگەڕێنەوە لای پیاوەکانیان و وەك دوا مەرجەع مەشوور و پرس و رایان پێدەکەن، روونتر بڵێم دوا بڕیار دەدەنە دەست ئەوان، شرۆڤەکردنی ئەو دیاردەیە پێویست بە هەڵسەنگاندنی باروودۆخە بابەتییەکانی ژیانی ژنان دەکات، بە پلەی یەکەم تێکهەڵکێشی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانە، دەربازبوون لەم ئاریشەیە پێویستی بە کات و زەمەنێکی درێژ هەیە، تۆ بە شەو و بەرۆژێك ناتوانێ جوڵە بە هزرێکی چەسپاو کە چەندین ساڵە خەڵکی کاری پێدەکات، بکەیت، دیموکراسییەت دەرمانێکی باشی رزگاربوونمانە لەو نەخۆشیانە، مەبەستم لە دیموکراسییەت تەنیا دروشم نییە یان ئازادی رادەربڕین نییە بەڵکو شۆڕکردنەوەی کردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو چەمکەیە بۆ نێو کایەی پەروەردە و سستەمی خێزان.

*** لەگەڵ ئەوەی بەشداری ژنانی کوردستان لەکاری سیاسی و رێکخراوەیدا پشکدارییەکی لاوازە و تا ئێستا نەیانتوانیوە بگەنە سەرۆکایەتی یان پلەی ئەندامییەتی مەکتەبی سیاسی پارتەکان، بەڵام لە پەرلەمانی تازەی هەرێمدا رێژەی ٢٥٪ کورسییەکان پێك دێنن، بەڕای ئێوە ئەو لاوازییە پەیوەستە بە نەبوونی دیموکراسییەت یان بۆ سستی ئیرادە و هۆشیاری ژنان دەگەڕێتەوە؟**

- هێشتا ژنانی ئێمە پێویستیان بە قوڵبوونەوە و تێفکردنی زیاترە، پێویستیان بە خۆ رۆشنبیرکردنە وەك گوتم وەنەبێ ئەو بێ ئیرادەییە لە خۆڕا دروست بوبوێ، ئەو واقیعە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك پاشخانی هزری و کەلتووری و سیاسی زاڵمانەیە، بۆیە دەتوانم بڵێم سەرجەم ئەو فاکتەرانەی لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێدا هۆکار گەلێکن دەکرێ لە دۆزینەوەی چارەسەریدا کاریان لەسەر بکرێ.

*** بەڕای ئێوە پرسی ئازادبوونی ژنان لە رۆژهەڵاتدا پرسێکی گرێدراوە نییە بە باروودۆخی گشتی سیاسی و ئابووری؟ ئایا تا چەند رەوایە ئەو پرسە بە یەکسانی ژەندەری ببەستینەوە؟**

- کاتێك باس لە چەوساندنەوەی ژنان دەکەین مانای ئەوە نییە لە بەرەکەی دیکەدا پیاوان لە بەهەشت دەژین و بێ گرفتن، گرفتی ئەوان چەوساندنەوەی ژنانی لێکەوتۆتەوە، ئەوانیش رووبەڕووی چەوساندنەوەی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، پیاوان کۆیلەی عادات و تەقالیدی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسین، دەروون و کەسایەتیان وێران کراوە و نەخۆش کەوتوون، گرفتی سەرەکی، کۆیلەبوونی ژنانە بەدەستی کۆیلەوە، بۆیە دەبێ لەو روانگەیەوە تەماشای وەزعەکە بکەین و بڵێین، ئازادبوونی پیاوان ئازادی بۆ ژنانیش دێنێ هەروەها بە پێچەوانەش ئازادبوونی ئافرەت واتەی ئازادبوونی پیاوانە، بێگومان ئەمەش بەهۆی نەهێشتنی جیاکاری و بەرقەرارکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە دەچەسپێ، کە هەستی ئازادی و خودگیانی بەهەموو لایەك دەبەخشێ.

*** بەهۆی باڵادەستی پیاوان لە ژیانی گەلانی رۆژهەڵاتدا و کۆبوونەوەی فاکتەرەکانی بڕیاردان و باڵادەستی لەدەستی ئەواندا، پشتگیری ئەوان لەدۆزی ژنان چەند گرنگە؟**

- پشتیوانی و پشتگیری بەشێك لە پیاوانی قەڵەم و سیاسەت لە دۆزی ژنان لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دیاردەیەکی سەرنجراکێش و دڵخۆشکەرە، سەرنجراکێشیش لەبەر ئەوەیە، پیاوان سەرباری گرێ و لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان و ساوایی پرۆسەی دیموکراسی، توانیویانە خۆیان لەو شووشە داخراوەی کۆمەڵگە رزگار بکەن کە چەندین ساڵ بە زەحمەت لە نێویدا هەناسەدەدەن، جگە لەمانە بەپێی ئەم ئیعتیبارە کۆمەڵایەتی و هزرییانەی لە پرسیارەکەتدا خستەڕوو، پشتیوانی پیاوانی سیاسەت و قەڵەم لە مافەکانی ژنان زۆر گرنگە، چونکە ئەوان وەك رابەر و رێنیشاندەری کۆمەڵ دەتوانن ئایدیا و بیرکردنەوەیان بۆ نێو هەناوی کۆمەڵگە شۆڕ بکەنەوە و کاریان تێبکەن، لە راستیدا ئەو حاڵەتە دڵخۆشکەرە وای کردووە ژنان هەست بە سەبووری بکەن و هەستی ئەوەیان لابڕوێ کە تەنیا نین و پیاوانی خاوەن دەسەڵات و قەڵەمیش هاوکار و هاوڕێگەیانن.

*** وەك دەزانن پەرەپێدانی سیاسییانەی عەدالەت و یەکسانی فلتەری ئەمانی پێشکەوتن و دیموکراسییە، زۆرجار دیموکراسییەت لە رێگەی عەدالەتەوە پێوەر دەکرێ، پرسیار ئەوەیە بە چ رێگە و**

**پیاوانیش کۆیلەی عادات و تەقالیدی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسین**

**کەلتووری کراوە، کۆتایی بە ناعەدالەتی دێنێ، دەرگا لەسەر خروقات و جیاکاری دادەخا**